## لافاوی عومەر فەتاح و ڕمانی گۆماوی چەق چەق .. بەشی دووهەم ... کونجرینی

لەپاش ڕاپەڕین هەموو بەرنامەکان گۆڕان، سەرکردایەتی سیاسی کورد، بنەمای بنچینەیی کاری گۆڕی، کۆمەڵانی خەڵک لە بەرامبەر ڕەوشەنوێ یەکە، بە زمانێکی ترلە گەڵ سەرکردایەتی ڕەفتاریان کرد، هەرچی دوێنێ خاوەن خیانەتێکی مەزن بوو، بە بێ سێ و دوو لە گۆماوی پارتێکدا شۆراو، بەرگی کوردایەتی بە بەردا کراو چ پلەو پایەکی هەبوو لە کاتی خیانەتکاریەکەیدا بە زیادەوە پلەو پایەی پارتایەتی پێ بەخشرا.

خاڵە حەمە هەر تەماتە ئەفرۆشێ، بەڵام چاوەڕوانی ئەو بۆ ژیانێکی باش بۆ ڕێزلێنانێکی شیاو کە شایستەی ئەو خێزانانە بێ کە بە خوێنی ڕۆلەکانیان ئەمرۆیان بۆ ئێمە پێک هێنا، . بەدەم ڕێگاوە هاواری ئەکرد یەڵە تەماتە، تەماتەی ئاڵو سور، لە نێو هاوارکردنەوە، دەکەوتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ و ورتە ورت. پیربونی لە لایەک و خەفەتی ژنە دوو جار جەرگ براوەکەشم لەلایەکی تر، ئاورنەدانەوەی هەموو ئەوهەڤاڵ و سەرکردانەی کوڕەکانیشم لە لایەکی تر، لەوە گەرێ گرانی کەلو پەل وزەحمەتی باری ژیانیش. هەموو ئەمانە بەلایەکن بونەتە هۆی ئەوەی کە دەنگیشم ناساز بێت، کەبە کۆڵنەکاندا هاوار دەکەم خەڵکی لێم بێزارن و تەماتەو سەوزەشم لێ ناکرن، یان لێم تورە دەبن، دەک خوایە چی بکەم.

ڕۆژێک برادەرێکم تەلەفونێکی بۆ کردم پێی ڕاگەیاندم کە ئەرواتەوە، بەسوپاسەوەمنیش چەند نامەیەکم پیا ناردەوە لە نێو نامەکاندا نامەیەکی بۆ خاڵە حەمە تیا بوو.

خاڵە حەمە لە وەڵامی نامەکەمدا نامەیەکی بۆ نوسیم/

دوا نامەی خاڵە حەمە بۆ کونجرینی

بۆ کوڕی زۆر خۆشەویستم کونجرینی

سڵاوی خوات لێ بێ، چاوت ماچ ئەکەم ڕێزم هەیە بۆت چاوی هاوسەری ئازیزت و ڕێژوان و جێژوان ماچ ئەکەم. هەنگاو و هاوار ڕێزیان هەیە بۆخۆت و ڕۆشناو مناڵەکانت، مناڵەکانیان دەستت ماچ ئەکەن.

کوڕی شیرینم لە نامەکەتدا تکات لێ کردوم کە بەتەواوی لە وەزعی خۆمان ئاگادارت بکەمەوە، سوێندت دام بە گۆڕی ئەزیزانم، ئەوا ئەمجارە بەراست وەڵامت دەدەمەوە وەزعی خۆم و ماڵ و مناڵت بۆ ئەنوسم بێ زیادو کەم.

کوڕی شیرینم من ئێستا وەک جاران وەزعم باش نیە دەستم ئەلەرزێت تواناو وزەم لێ براوە، کەم کەمە بە عەرەبانەکە هەر تەماتە ئەفرۆشم چونکە ئەو موچەکەمەی کە لە باتی خوێنی کوڕەکانم مانگانە وەری ئەگرم دابینی ژیانم ناکات، ناتوانم پێی بژیم.

بۆحەیاتی خێزانم چیت بۆ باس بکەم، چاوانم کوێر بێت لە پاش ئەو نەمێنم، لە پاش ڕوخانی یەدام من و ئەو زۆرمان هەوڵ دا کە تەرمەکەی کاکە هێمن مان دەست بکەوێتەوە، دەستمان نەکەوەت. حەیاتی خێزانم بەرگەی چاوەڕوانی زیاتری نەگرت چاوانی کوێر بوو کەوتە سەرجێگا، باش نەی ئەتوانی تەنانەت خزمەتی خۆیشی بکات، کچەکان خزمەتیان ئەکرد، منیش بە ناچاری وەک وەفایەک ئەوپارچە زەوییەی کە هەمان بوو خستمانە سەر فرۆشتن، بەپارەیەکی کەم فرۆشتمان لە گەڵ زاوەکەمدا تاران و تورانمان پێ کرد، هەرچی هەمان بوو لەسەری دامان نا چاوانم کوێر بێت، خوا بە تەمەنی درێژی منی نەبەخشی و ئەزیزانیی تۆ خۆش. کاکە کونجرینی گیان، لەم وڵاتەی ئێمە هەموو شتەکان گۆڕاون، ئەوەی

کوڕی شەهید بوە تەنها لە خۆی ڕۆیشتوەو لەلای خۆی نرخی ماوە، تەنها جار جارە لە تەلەفزیۆنەکانەوە بۆ ڕەکلەمی پارتایەتی باسمان دەکرێت و دەمان هێننە نێوناوانەوە. چیت بۆ باس بکەم کوڕەکەم، لە پێش ڕوخانی ێەدام دا یەکێتی لە ئیسلامیەکانی دا، هاوڕێی زاواشم شەهید بوو (هەنگاو) و سێ منالەکەی لەلای منە، ئەوانیش ڕێزیان هەیە بۆت. کورە ئازییەکەم دەربارەی وەزعی ئێمە هەتا بڵێیت ناجۆرە، وەزعی خەڵکی زۆر خراپە، هەمو کەس گلەیی لە حکومەت و پارتەکان دەکەن، لەم وڵاتە دڵسۆزی لە مێژە وەک ئەستێرەی شەوانی زستانی لێ هاتوە، هەر کەسە بۆ خۆی هەوڵ ئەدات، ئۆخەی، ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆی، من سێ کوڕم دانا لە پێناوی ئازادی لە پێناوی یەکسانی، لە پێناوی ژیانی باشتر بۆ ئەم گەلە، کەچی خۆم لە هەمو کەس ژیانم خراپترە، هیچ کەس بەم خەمە شاراوەم نازانێ کەس ئاوڕێک لە ژیانم ناداتەوە، هەیچ کەس نام ناسێ، کورە ڕۆژ تا شەو، شەو تا ڕۆژ تەنها گریانە بەشم، گریانێک بۆ ڕابردو لەگەڵ ئێستا خوا کوڕێکی پێ ڕەوا نەدیم وەک خوا پێداوان بۆ ڕۆژی ڕەش، بۆ ئەمڕۆژە کە ببێتە کۆڵەکەی ژێر دەستم و لەکاتی پێویستدا بە تەنگ نەهامەتیەکانمەوەبێت. من بەم هەموو نەهامەتییەوە ئێستا، پەشیمان نیم لەوەی کوڕەکانم گەورە کرد بۆ ڕزگاری نیشتمان، من بۆ خۆم دڵم ڕەقە ئەگینا چۆن بەرگەی ئەم هەموو نسیبەتە ئەگرم، نسیبەتێک کوڕو ژن و زاوام دانا لە پێناوی خۆشیدا، لەسێبەرەکەشی بێ بەشم.

کورەکەم هەر مەسئولە دەبینی چەند ترومبیلێکی لە ژێردایە، لە خانویەکی باڵاخانەدایە، لە گەڵ چەند دەوڵەمەندێکدا شەریکن، دەورو دراوسێ ی حەواندۆتەوە، خوا ئەو بەختەشی لێ بڕیوین نەشی کردین بە هاوسێ ی مەسئولێک تا پارە نەدەین بە کارەباش. کورە نەیەیتەوە دنیا گۆراوە دوایی قسەیی ئەموو ئەو نەکەویت، پێشمەرگەی دێرین هەر بۆ ماڵی ڕەشە، تا ئێستا لای سەرکردەکان، تەنها بۆ کاتی پێویست دەست بە شان و باڵتاندا دێنن کە برسی بوون، هەر ناتان ناسن. کوڕە شکوربە بەوژیانە نامۆیە، یا دەبێت ڕەوشتی پێشمەرگایەتی دابنێیت یا ئەوەتا دەست لەم مەسئول و ئەو مەسئەول پان بکەیتەوە.

ئێمە تەنها ڕێزمان هەیەبۆتان چاوتان ماچ ئەکەین

بەخواتان ئەسپێرم

مامی خۆت /خاڵە حەمە

---

کـــــــــــونجرینی
2006 .02 .26
kuncrini@yahoo. de